Initiative to Keep Hasankeyf Alive, Turkey +++ ICSSI - Iraq Civil Society Solidarity Initiative +++ CDO – Civil Development Organisation, Iraq-KRG +++ CENESTA - The Centre for Sustainable Development, Iran

لێدوانی ڕۆژنامەوانی

٢٠١٢\٣\١٤

**دەنگی نارەزای هەڵبڕە لە پێناو پاراستنی شوێنەواری مێژووی جیهانی لە میزۆپۆتامیا کە بەهۆی بەنداوی ئیلیسوەوە لەسەر ڕوباری دیجلە بەردەم هەڕەشەی لەناوچوندایە**

ئەمڕۆ لە کۆبونەوەی کۆمیتەی بەرگریکار لە شوێنەوارە مێژووییە جیهانییەکان، سەرەتای دانیشتنەکە بە پێشکەشکردنی نارازەیەتیەکی جیانی بۆ UNESCO دەستی پێکرد، لە پێناو پاراستنی شوێنەوارێ مێژووی و کلتوری ناوازە لەسەر ڕووباری دیجلە لە میزۆپۆتامیا. بە دیاری کراوی خەتکرایەوە لەسەر پێویستی پاراستنی شارۆچکەی حەسەنکێف کە دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیاوەو کورد زۆرینەی دانیشتوانەکەی پێك دەهێنێت، ئەم شارۆچکەیە مێژوویەکی ١٠،٠٠٠ ساڵی هەیە کە بەربەردەوام ئاوەدان و پڕ دانیشتوان بووە. هەروەها جەختکرایەوە لەسەر زۆرنگاوەکانی میزۆپۆتامیا کە دەکەوێتە باشوری عێراق و بەگەورەترین ناوچەی تەڕ دادەنرێت کە لەلایەن ملۆنان "عەرەبە زۆنگاونیشەکانەوە" کشتوکاڵی لێکراوە. هەردوو ئەم دوو سامانە سروشتییە مێژووییە جیهانییە لەبەردەم هەڕەشەی لە ناوچوندان بە هۆ بەنداوی ئیلیسوەوە. هەربۆیە ئەم بەندەوە بە یەکێك لەهەرە کێشەدارترین بەنداوەکانی جیهان دێتە ئەژماردن.

لەپاڵ ئەو کاریگەرییە زۆر خراپەی کە لەسەر کلتورو سروشت جێی دەهێڵێت، ئەم بەنداوە هەڕەشەیەکی گەورەشە لەسەر مافی خاوەندارێتی ئاو و خۆراك و هەروەها لەسەر ئەو گەشەکردنە کۆمەڵایەتی و ئابورییەی کە لانی کەم سەدان هەزار مرۆڤ لەهەردوو سنور بەرهەمیان هێناوە. سەرەرای هەموو ئەمانەش، ئەم بەنداوە دەبێتە هۆی ئاڵۆزکردنی ڕەوشی سیاسی ناوچەکە، هەروەکو چۆن بەنداوەکانی سەر ڕوباری فورات ئەم دەرئەنجامە نەرێنییە سیاسیەیان هەبووە.

ئەم نارەزایەتییە لە لایەن چوار ڕێکخراوەی کۆمەڵگای مەدەنییەوە سەرپێخرا، کە دەکەونە بەشە جیاوازەکانی میزۆپۆتامیاوە. ئەم ڕێکخراوەنە ساڵانێکی زۆرە لە هەوڵی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و ژینگەی کۆمەڵگادان، بە لەبەرچاوگرنی پاراستنی میراتی کلتوری و سروشتی ناوچەکە. ناوچەکانی سەرو خواری میزۆپۆتامیا لانەی داهێنانی کوشتوکاڵ جێگر و یەکەمین شارستانییەتی مێژووی مرۆڤایەتین. ئەم ناوچەیە هەلێکی زێرینە تا لە ڕێیەوە هۆشیاری خۆمان لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی گەشە پێبدەین. هەربۆیە ئەم میراتە کەلەپوڕە دەوڵەمەندە ناکرێت نە لە لایەن بەنداوی ئیلیوس و نە لەلایەن هیچ بەنداوێکی ترەوە کە دروست بکریت بۆ ماوەی ٥٠ بۆ ٧٠ ساڵ لە ناوببرێت. ئەم بەندواوە هیچ نییە جگە لە مانیفێستی جەهل و دورە پەرێزخستنی بەشداری کۆمەڵگا و نمونەیەکی بەسەرچوی مۆدیلی گەشەکردن و پێشکەوتن.

حکومەتی تورکیا نە بەلایەوە گرنگە گوێ لەو هەزاران مرۆڤانە بگرێت کە دەکەونە بەر کاریگەری بەنداوەکەوە نە لەگەڵ نوێنەراکنیاندا کۆ دەبێتەوە، هەروەها هیچ گفتۆگەیەکی جیدش ناکات لەگەڵ ولاتەکانی وەکو عێراق و سویا کە ڕوباری دیجلە بە خاکی ئەوانیشدا تێدەپەڕێت. حکومەتی عێراقیش تا ئیستا هەوڵی جدی نەداوە تا دژی ئەو بەنداوە وێرانکەرانەدا بووەستێتەوە کە لەلایەن تورکیا و ئێرانە دروست دەکرێن لەسەر ئەو ڕوبارانەی کە بە خاکی عێراقدا تێپەر دەبن. دەرئەنجامی هەموو ئەمانەش ئەوەتا ئەمڕۆ نە حەسەنکێف و

نه زۆنگاوەکان لە لیستی شوێنەراوە مێژوویەکانی UNESCOنین. حکومەتی تورکیا هەموو ئەو داخوازیانەی پشتگوێخستەوە کە لایەن ئەو خەڵك و ڕیکخراوانەوە ئاراستەی تورکیا کراوە، تا حەسەنکێف کاندید بکات بۆ چونە ناو لیستی UNESCOوە. لە ٢٠٠٣وە زۆنگاوەکانی میزۆپۆتامیا لە لیستی یەدەکی UNESCOدایە بەڵام لەو کاتەوە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە هیچ هەنگاوێکتر هەڵنەێنراوە. بۆ پاراستنی ئەم میراتە دەوڵەمەندە مێژووییانە، UNESCO پێویستە فشار لە تورکیا بکات بۆ دروستنەکردنی ئەو بەنداوە و هەروەها بۆ کاندنیکردنی حەسەنکێف بۆ چونە ناو لیستی شوێنەوارە جیهانییەکانەوە، هەروەها دەبێت فشار لە عێراقیش بکات تا ئەرکی خۆی هەڵبستێت لە پێناو وەرگرتنی زۆناگاوەکان لەو لیستەدا.

لەم چواچێوەیەدا دەستپێشخەرانی نارەزایەتیەکە، داوا لەهەموو لایەك دەکەن لەم هەرێمە و لە جیهانیشدا کە بەشداری بکەن لەم نارەزایەتییەدا، لە پێناو فشار خستنە سەر UNESCO تا بە ئەرکەکانی هەڵبستێت و هەموو ڕێگاکانی فشار بگرێتە بەر.

دەستپێشیخەرانی ناڕازایەتییەکە ڕۆژی ١٤ی مارچیان دەسنیشانکربوو بۆ ڕاگەیاندنی هەڵمەتەکان. چونکە ئەم بەراوەرە بە ڕۆژی جیهانی ڕووربارەن لەقەڵەم دەدرێت. بەشدارمان بن لەم هەڵمەتی نارەزایەتییەدا، چ وەك تاك و چ وەك ڕێخراوە و دامەزراوە لە ڕێگەی ئەم ناونیشانانەی خوارەوە:

پەیوەندی بەستن:


Initiative to Keep Hasankeyf Alive: hasankeyfgirisimi@gmail.com, Tel: 0090-5357446902

ICSSI - Iraq Civil Society Solidarity Initiative: email and tel?

CDO – Civil Development Organisation: email and tel?

CENESTA - The Centre for Sustainable Development: email and tel?